مەسرور بارزانی سەرکۆنەی سووتاندنی ئۆتۆمبێلی بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هاوبەشەرچووی هەرێم و جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیامێکی بڵاوکردەوەو دەڵێت: "هەوڵی تیرۆرکردنی بەڕێز ئیکرەم ساڵح بەرپرسی لقی 22ـی گۆرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکۆنە دەکەم و پێویستە دژگا پێیونددارەکان هەوڵی ئاشکراکردنی ئەنجامدەرانی ئەم کارە تیرۆریستییە بدەن".

سەرۆکی حکومەتی هەرێم وتوێەتی، "هەر کەس و لایەنێک لە پشت ئەم هەوڵە ترسنۆکانەیە بێت، تۆحمولی بەرپرسیارێتی ئەنجامەکان دەکات و هووبڕووی یاسا دەکرێتەوە".

زانیاری زیاتر...

دۆنێ دووشەممە لە کۆلار ئۆتۆمبێلی لاندگرۆزی ئیکرەم ساڵح بەرپرسی لقی 22ی پارتی لە بەرامبەر ماڵەکەی ئاگری گرت و سووتا، هەروەها ئەم بەرپرسی پارتی لە کۆنگرێیەکی رۆژنامەوانیدا دەڵێت: "گومانم هەیە کە لە ڕێگەی کۆنتڕۆڵەوە و لە دوورەوە کە چاودێریم کرابێت، ئۆتۆمبێلەکەی تەقێندرابێتەوە". ئیکرەم ساڵح وتیشی: "هەموو ئاماژەکان ئەوە بوو کە چاودێری من کراوە، پێشتر ئۆتۆمبێلەکەم لە ماڵەوە بوو، شۆفێرەکەم هەنابوویە دەرەوە و نزیکەی چارەیەکێک لە دەرەوە بوو، لەو

کاتی خەم سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم و ئۆتۆمبێلەکە جووڵا ئینجا تەقییەوە". ئەکرەم ساڵح دەشێت: گومان دەکرێت کردەوەیەکی تیرۆریستی بێت، چونکە هیچ گرفتکمان نەبووە، بۆیە داوا لە دامودەزگاکانی سنوورەکە دەکەم، لە پۆلیس و ئاسایش، لەکەینەوەی ورد لەم بابەتە بکەین، ئەمە لەم سنوورەین و ئاسایشی ناوچەکەمان لە ئەستێی ئەوانە.